# خرِکردنەوەی ئیمزا دادی کورد نادات

**ئەمجەد شاکەلی**

چەند حەفتەیەک پێش ئێستا، هاوڕێیەکم، بە ئیمەیڵ نامەیەکی بە هاوپێچەیەکەوە بۆ ناردم. هاوپێچەکە نامەیەک بوو، چەند مامۆستایەک ئاراستەی "جۆرج بووش"ی سەرۆکی ئەمەریکایان کردبوو. لە نامەکەدا داوا دەکەن، عیراق بکرێ بە سێ بەشی فیدراڵەوە( کە بەشێکیان کوردستانە) و ئەو سێ بەشەیش، بە پێوەندێکی بڕێک سست بە بەغداوە گرێ بدرێن. ئەو نامەیە بۆ ئەوە بڵاوکراوەتەوە تا خەڵک و ئەوانەی ڕایان لە سەریەتی ئیمزای بکەن و پاشان ڕەوانەی سەرۆکی ئەمەریکا بکرێت. من دەزانم ئەوانەی ئەو بیرۆکەیان بە مێشکدا هاتووە و نامەکەیان نووسیوە، لە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە وەها کارێکیان کردووە. من بۆ خۆم نامەکەم ئیمزا نەکرد، چونکە بڕێک تێبینیم لە سەر نامەکە و بیرۆکەکەی هەبوو، بەڵام ناردیشم بۆ تەواوی هاوڕێ و دۆست و ئەو ئیمەیڵانەی هەمبوون.

نامەکە، بۆ جۆرج بووش نێردراوە و لەم جیهانەشدا کەسێک نییە جۆرج بووش نەناسێت. ئەمڕۆ ئەگەر کەسێک هەبێت، شایستەی ئەوە بێت، بە نێوی هەڵگیرساندنی جەنگ، وێرانکردنی ژینگە، داگیرکردنی وڵاتان، دژایەتیکردنی مافی مرۆڤ، پێشێلکردنی قانوونی نێودەوڵەتی و یەک کۆمەڵە خراپەکاری دیکە لە جیهاندا، دادگایی بکرێت، ئەوە (جۆرج بووش)ە. ئەو ڕەوشە "جوان و خۆش و ئارام و دیموکراسییەی!!!"ی ئەمڕۆ لە عیراقدا و لە دوای ڕووخانی بەعسەوە هاتووەتە گۆڕێ، دیاری جۆرج بووش و سیاسەتی ئەمەریکایە. جۆرج بووش، کە ئێستا "زڕباب"ی هەموو جیهانە، هەر لە ڕۆژی یەکەمی داگیرکردنی عیراقەوە، نە بۆ خەڵکی عیراق و نە بۆ خەڵکی کوردستان، لەوەی زیاتر تا ئێستا پێشانی داوە، چی دیکەی نە پێ بووە نەش پێیە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لە سیاسەتی بووش و ئەمەریکادا، ئەوان هەمیشە باسیان لە یەکپارچەیی خاکی عیراق و گێڕانەوەی عیراقە بۆ نێو ژینگە و چوارچێوەیەکی عەرەبی و هەر ئەو سیاسەتەیشە، ئەمڕۆ سەرۆککۆماری عیراق و سەرانی کورد پێڕەوی دەکەن. سیاسەتی بووش لە عیراقدا هەر لە ڕۆژی یەکەمییەوە بە سەقەتی لەدایک بوو و لەمێژیشە تووشی شکست هاتووە و چ نەخشە و ستراتیژییەتێکی تۆکمە و درێژخایەنی نەبووە، هەر بۆیە هەر ڕۆژەی بە جۆرێک دەیگۆڕێت و هەرچییەکیش دەکات بۆی نایەتەوە جێ، بەڵکە تەنێ سیاسەتی پینەکردن پێڕۆ دەکات.

نامەکە، بەڵێ دەیەوێت کوردستان یەکێک بێت لەو سێ هەرێمە فیدراڵییە، بەڵام ئایا مەبەست لەو کوردستانە، ئەم هەرێمۆکەی ئێستای کوردستانە یا تەواوی باشووری کوردستانە! ڕەنگە بگوترێ، کە مرۆڤ دەڵێ کوردستان، مەبەست هەموو باشووری کوردستانە بەو دەڤەرانەیشەوە، کە ئێستایش گرێدراوی عیراقن. بە بڕوای من ئەوە لە مێشکی کەسێکی کورددا وایە، لەکن هیچ عیراقی و ناکوردێک وەها باسێک نییە. ئەم هەرێمۆکەیەی ئێستای کوردستان، تەنیا نیوەی باشووری کوردستانە و نیوەکەی دیکەی، کە کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و شارەبان و مەندەلی و نیوەی ئوستانی کووتە، هێشتا هەر سەر بە کارگێڕی عیراقە و پێی ناگوترێ کوردستان. ئەم هەرێمۆکەیە(دهۆک، هەولێری بێ مەخموور و سلێمانی) نەک جۆرج بووش، بەڵکە عەدنان ئەددلیمی(عدنان الدليمي) و سالح ئەلموتلەگ (صالح المطلگ) و عەرەبی داگیرکاری کەرکووک و تەواوی نەتەوەی عەرەبی هەموو جیهان، پێی قایلن و نەک هەر بە فیدراڵی، ڕەنگە لەگەڵ ئەوەشدابن لە عیراق جوێ بکرێتەوە و ببێتە دەوڵەت. تەنانەت (سەددام حوسەین)یش لەگەڵ وەها چارەسەێکدا بوو. هەر نامە و پێشنیاز و باسوخواس و داخوازییەک، بۆ فیدراڵی و دابەشکردنی عیراق، بێ باسکردن و جەخت لەسەرکردنەوەی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکە، هیچ ناگەیەنێت و کوردستانێکی بێ کەرکووک و مووسڵ و نیوەی ئوستانەکانی دیالە و کووت، دەکاتە: هیچ.

سەرکردەیەتیی سیاسی و دەسەڵاتدارانی کوردستان، هێندەی بە پینەوپەڕۆی عیراق و گرێدانەوەی پساوەکانییەوە خەریکن، هێندەیان بۆ کوردستانەکەی خۆیان نەکردووە. ئەوان لە نەگێڕانەوەی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەر هەرێمەکەی ئێستایان، ڕۆڵێکی نەیێنی زیاتریان لە کارگێڕی عیراق و ناکوردان بینیوە. ئەوان بۆ خۆیان پتر هاریکاری ئەو دیدە "عیراقی – عەرەبی – ئەمەریکایی – ناکوردی"یەیان کردووە، کە باشووری کوردستان، تەنێ بەو هەرێمۆکەیەی بندەستی خۆیان بزانرێت.
بە بڕوای من، پێش ئەوەی مرۆڤ باس لە فیدراڵی و دەوڵەت و هەرچییەکی لەو بابەتانە بکات، باشتر وایە بیر لە گۆڕینی کۆمەڵگە بکاتەوە و هەوڵی گۆڕانکاری لە ژێرخانەوە و لە بنەوەڕا نەک لە سەرێڕا، بدات. هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ژیانیی و ڕۆژانەکانی خەڵک بدات. ئەمڕۆ ئەگەر لە کوردستاندا دەسەڵاتداری گەندەڵ و دز و پاشەڵپیس نەهێڵرێن و مۆنۆپۆڵی دوو زلحیزبی پارتی و یەکیەتیی و ئەو دووفاقی و دوو کارگێڕییەی هەیانە نەمێنێت، کێشەی ئاو، ئەلەکتریک، سووتەمەنی، هاتووچۆ، نەخۆشی، خوێندن، باری ژیانی خەڵک، ئازادی تاک، ژنان و ڕادەربڕین و...هەموو چارەسەر دەکرێن. کە ئەوانە چارەسەر کران، خەڵک خۆی دەبێتە خاوەنی خۆی و وڵاتیش دەبێتە هی خەڵک. ئەوەدەمی کە خەڵک لەسەر بناخە و زەوینەیەکی قایموقۆڵ و بتەو ڕاوەستا، ئەودەمی دەتوانێت ئازادانە قسەی خۆی بکات و پێ لە سەر تەواوی خواستەکانی خۆی داگرێت و ئازادانە بڕیاری چارەنووسی خۆی، بێ پاڕانەوە لە بووش و عیراق و...بدات.
مانگی یەکەمی ساڵی 2005، کە هەڵبژاردن کرا لە عیراق و کوردستاندا، بزاڤی ڕیفراندەم، نزیکەی دوو میلیۆن(2000000) دەنگ، بە ڕێژەی 98%ی دەنگی خەڵکی کوردستانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەدەستهێنا. دواتر ئەو دەنگانە برانە کۆمەڵەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا. سەرۆککۆماری عیراق، جەلال تاڵەبانی، بۆ خۆی پێش هەرکەسی دیکە گاڵتە و لاقرتێی بەو دەنگانە کرد و پێیوابوو" ئەو دەنگانەی پێوەر و نیشاندەری دەنگی کورد نین و کورد خۆی بە عیراقی دەزانێت و هەرگیز نایەوێت لە عیراق جوێ بێتەوە" و هیچ ڕێزێکی بۆ دوو میلیۆن مرۆڤ دانەنا. ئەوەی کە ئەو بێڕێزییەی بەو دەنگانە کرد، جۆرج بووش و عەدنان ئەددلێمی و عەرەب و تورک نەبوون، بەڵکە (جەلال تاڵەبانی) بوو. ئێستا وا گریمان دوو میلیۆن کەسی دیکە، ئەو نامەیەیان، کە بۆ بووش ئامادە کراوە، مۆر کرد، ئایا هیچ دەگەیەنێت! من پێموانییە هیچ بگەیەنێت، چونکە جۆرج بووش لە کوولەکەی تەڕیشدا نێوی کوردستان و کورد نابات و کورد بە عیراقی و کوردستانیش بە عیراق زیاتر بە هیچ شتێکی دیکەیان نازانێت و تا کورد، خاوەنی سەرۆک و سەردار و دەسەڵاتدارگەلێک بێت، هەمیشە ڕیسەکەی لێ بکەنەوە بە خوری و هەمیشە دەستیان لە ناقڕەی گیر کردبێت، هەرگیز نە ئیمزا و نە نامە و نە هیچ شتێکی دیکە چارەسەری دەردەکەی ناکەن.
ئەوە هیچ، کە هەڵوێستی بووش وایە و سەرانی کوردیش بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، لێ مادام نامە هەر نووسرا و خەڵک هەر مۆریان کرد، بۆ باسی ئەوە نەکرێت، کە کوردستان لە عیراق جوێ بکرێتەوە و هیچی دی؟ کێ دەڵێ عیراقییان و عەرەب قایلن بە دابەشکردنی عیراق بۆ سێ فیدراڵی! قایل بن یا نە، ئەوە کەی کاری کوردە، کە داوای ئەو چارەسەرە بۆ ئەوانیش بکات!
2007-9-17